Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی ژمارە ٦ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

# شاری شنۆ بۆ پشتیوانی لە مهاباد خۆپیشاندانی وەڕێ خست

سەر لە بەیانی ئەمڕۆ خەڵك و کاسبکارانی شاری شنۆ بە داخستنی دووکان و بازاڕی شار، جەنایەتەکانی رژیمیان لە مهاباد مەحکووم کرد و هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانیان لە خواستەکانی خەڵکی مهاباد کرد.

دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ هێزی ئینتزامی و سپای پاسداران هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندانی هێمنانەی لاوانی شاری شنۆ و تەقەیان لێ کردن و لە ئەنجامدا کەسێکیان کوشت و ٣ کەسی دیکەیان بریندار کرد. ئەم رەفتارە نامرۆڤانەیە بووە هۆی تووڕەیی و نارەزایی بەرینی خەڵکی شاری شنۆ و خۆپیشاندانێکی بەرین وەڕێ خرا و هەر ئێستا رێگاکانی هاتوچۆی دەرەوە و ناوەوەی شار لە گەمارۆی هێزەکانی رژیم دایە و شاری شنۆ لە بارودۆخێکی نائاسایی دایە.

لە لایەکی دیکەوە خەڵکی پیرانشار بە بیستنی هەواڵەکانی شاری شنۆ، دەستیان دایە مانگرتنێکی گشتی و هەموو دووکان و بازاڕی شاریان داخست.

نارەزایی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان لە ئاستێکی گشتیدا پەرەی سەندووە. ئەرکی هەموو هێز و هەڵسووڕاوانی سیاسیە کە لەم هەلومەرجەدا، چالاکانە پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان و خواستەکانیان بکەن.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٠٠٥/٧/٢٥

١٣٨٤/٥/٣

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٣٨٤٩٩
Mobile: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٠٥١٣٤
**Fax:** ٠٠٤٤٧٠٤٣١٤٠٤٤٩